# بەرپرسییەتی زمان لە ماسمیدیای کوردیدا
# Facebook بە نموونە

**د.سالار عوسمان**
**زانکۆی لوبنانی فەرەنسی**

**پێشەکی**

**زمان هەر ئامرازێك نییە بۆ لەیەکترگەیشتن، بۆیە بۆ بەرخوردکردن دەگەڵ پرسی زمان پێویستە ڕوانگایەکی فراوانترمان هەبێت، تایبەت لە سەردەمی ئەمڕۆدا، کە سەردەمی ململانێکانە و سەرجەم ململانێکانیش وا لە نێو میدیادا و لە ڕێگەی زمانەوە بەڕێوە دەچێت.**

**ئەم باسە، هەوڵێکی زانستیانەی خاکەڕایە بە ئاراستەی خوێندنەوەی چەمکی (بەرپرسییەتی زمان لە ماسمیدیای کوردیدا، Facebookبە نموونە) و وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، کە ئایا زمان لە ماسمیدیای کوردیدا، تایبەت Facebook ، بوون-ێکی بەرپرسە؟..**

**ئەم باسە لە پێشەکییەك و (٣) سێ بەش پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**لە بەشی یەکەمدا باس لە زمان، چەمك، مێژوو، قۆناغ و جۆرەکانی زمان دەکرێت و تێڕوانینگەلێك لەو بارەیەوە دەخرێتە ڕوو.**

**لە بەشی دووەمدا باس لە میدیا، جۆر و بەرپرسییەتیەکانی میدیا دەکرێت.**

**لە بەشی سێیەم و دوماهیدا باس لە بەرپرسییەتەکانی زمان دەکرێت لە ماسمیدیای کوردیدا و Facebook وەك فراوانترین و خێراترین و کاریگەرترین بەشی میدیای نوێ بە نموونە وەرگیراوە.**

**باسەکە بە (١٠) دە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، کە بریتین لە نۆزدە (١٩) سەرچاوە و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی هاتووە.**


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەکەم

## زمان: چەمك، مێژوو و تێڕوانین

بەر لەوەی لە ڕێگەی چەند پێناسەیەکەوە ڕۆشنایی بخەینە سەر زمان، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، مێژووی سەرپێکەوتنی زمان، تایبەت ئەو زمانەی کە ئێستا وەك بوون-ێك هەیە.

لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤ تەنیا دەنگی لێوە دەرهاتووە، دواتر پێویستییەکانی ژیان دەنگەکانی ڕێکخستووە و وشە، ئینجا ڕستە دروست بووە و مرۆڤ قسەی پێکردووە، تەمەنێکی زۆری مرۆڤایەتی تەنێ قسە، بێ نووسین دەرباز بووە، لەو ماوە زۆرەدا مرۆڤ لە ڕێگەی نەخشی سەر دیوارەکانەوە ماناگەلێکی دەربڕیوە، پاشان نووسین لەسەر قوڕ پەیدا بووە، دواتریش نووسینی هیرۆگلیفی و ئینجا نووسینی ئەبجەدی و پاشان شارستانیەتی گریکی و ڕۆمانی دروست بووە، کە نووسین تیایدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە.

قۆناغی دووەم، قۆناغی تۆمارکردن دێت، کە تیایدا چاپخانە و پیتی مەعدەنی و ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەگراف و تیلیفۆن و ڕادیۆ و سینەمای بێدەنگ و بەدەنگ و تیلفیزیۆن هاتە ئاراوە.

قۆناغی سێیەم، کە دەکرێ ناوی لێنێین قۆناغی پێوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، یان قۆناغی گواستنەوەی ڕۆژنامە، گۆڤار و ئێزگە و تیلیڤیزیۆن بەهۆی مانگی دەستکردەوە، کەمترین تەمەنی مرۆڤایەتی پێکدێنێت، لێ پێشکەوتووترینیانە.١

ئەم دەسپێکە مێژوویيە بەرچاومان ڕۆشن دەکاتەوە، تا قسە لە قۆناغی بەر لە نووسین بکەین، ئەوکاتەی کە زمان تەنێ قسەکردن، یان نەخش و نیگاری سەردیوارەکان بووە، لە پاڵ ئەو قسەکردنەدا دەکرێ قووڵتر بە نێو مێژوودا ڕۆچین و بپرسین: ڕاستە بەر لە نووسین زمانی قسەکردن و نەخشی سەردیوارەکان هەبوون، لێ بەرلەوان، واتە بەر لە زمان و قسەکردن و نەخش و نیگاری سەردیوارەکان ، ئایا قۆناغێکیتر نییە کە مرۆڤ لە بێزمانیدا ژیابێ ؟.. بێگومان مەبەستمان لە قۆناغی بێزمانی ئەو ماوە دیرۆکیەیە، کە مرۆڤ بێزمان، تەنێ لە ڕێی ئاماژە و دەنگە نارێکخراوەکانەوە ژیاوە.

دەکرێ ئاوا بەرسڤی ئەم پرسیارە بدەینەوە: بەر لە دروستبوونی زمان مرۆڤ لە بێزمانیدا ژیاوە، ئەوەی هەبووە تەنیا ئاماژە و دەنگ و جوولە بووە، مرۆڤ لەو قۆناغەدا دەنگەکانی پێ ڕێکنەخراوە، نەیتوانیوە لە ڕێگەی زمانێکی ڕێکخراوەوە گوزارشت لە خۆی و دەوروبەر بکات، هۆکارەکەیشی بێئەزموونی و قورسی قۆناغی دەسپێکی ژیانی مرۆڤ بووە.

**قۆناغەکانی زمان**

بە پێی ئەو تێگەیشتنەی پێشوو، قۆناغەکانی زمان دابەش دەبنە سەر (٤) چوار قۆناغ، کە ئەمانەن:

١ -قۆناغی بێزمانی: قۆناغی جوولە و ئاماژە و دەنگە نارێکخراوەکان.

٢ -قۆناغی زمانی سەرەتایی: قۆناغی قسەکردن و مانا، کە جگە لە قسەکردن، نەخش و نیگاری سەردیوار و نووسینی هیرۆگلیفی و ئەبجەدی و ...هتد دروست بووە.

٣ -قۆناغی تۆمارکردن: قۆناغی دروستبوونی چاپخانە و تۆمارکردنی بەرهەمەکانی بیری مرۆڤ.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤ -قۆناغی نوێ: قۆناغی مانگی دەستکرد، کە تیایدا سنوورەکان شکێنران و زمان لە سایەی تەکنەلۆژیادا دوورترین جوگرافیای بڕی و مرۆڤەکانی لە یەکتر کۆکردۆتەوە.

**زمان چییە؟**

بەسوودوەرگرتن لە قۆناغە مێژووییەکانی سەرپێکەوتنی زمان، ئێستا ڕوونتر دەتوانین پێناسەی زمان بکەین. بۆ ئەم پاژە لە باسەکەدا، پێویستمان بە پۆلینکردن، یان دیارکردنی ڕوانگا بۆ پێناسەی زمان دەبێت، کە دەکرێ لە (٢) دوو ڕوانگادا کۆی بکەینەوە:

١ -ڕوانگای کۆن بۆ زمان.
٢ -ڕوانگای نوێ بۆ زمان.

**١ -ڕوانگای کۆن بۆ زمان**

پتر ڕوانگایەکی ئایینیە، ئەم ڕوانگایە زمان پیرۆز و ئەرکدار دەکات، چونکە زمان وەك درووستکراو و بەخششی خوا بەدەست درووستکراوەکانەوەیە، کەواتە دەبێ ئامرازی خێر و باشە بێت و پێخەمەت باشە بەکار بێت، کەواتە زمان دەبێ باشەخولقێن بێت و خۆی لە هەموو خراپەیەك بپارێزێت.

لە سەرجەم کتێبە ئاسمانییەکان، فەرموودەی پێغەمبەران و زانا و دانا ئایینیەکان باس لە بایەخ و پیرۆزیی زمان کراوە، هەر بۆ نموونە خودا لە قورئانی پیرۆزدا و لە ئایەتی (٣١) سیویەکی سوڕەتی (بەقەڕە)دا، دەفەرموێت: ((خوا هەموو زمانێکی فێری ئادەم کردووە))٢، یان لە ئایەتی (٢٢) ی سوڕەتی (ڕوم) دەفەرموێت: ((هەر لە نیشانەکانی ئەوە داهێنانی ئەو ئاسمانانە و زەمین و وێکنەچوونی زمانی ئاخاوتن و ڕەنگ و ڕوویان، کە لەمەدا بەلگە زۆرن بۆ زانایان))٣.

**٢ -ڕوانگای نوێ بۆ زمان**

ڕوانگایەکی زانستییە بۆ زمان و پێیوایە زمان پرس و بوارێکی زانستییە و سەراپا ژیان دادەپۆشێت، بەواتایەکیتر وەك ژیان، پەل وپۆ هاوێژ وا لە نێو سەرجەم بوارەکانداو لە پەل و پۆ هاوێشتنیشیدا جیاوازی: چەمك، ڕوانگا، پێناسە، تێگەیشتن و شرۆڤەکانی لە خۆی کۆکردۆتەوە.

هەر لێرەدا دەشێ بپرسین: مەبەست چییە لە شکانی فەرهەنگ، زمانی شاشە، وشەکانی وێنە، یانژی چەمکگەلێکی وەك: ماناکانی ناوەوە، قسەکانی بەرلەگوتن، ئەو ئاماژانەی لە وشە بەهێزترن، هزرێك فراوانتر لە زمان، سایکۆلۆژیای وەرگری بێهێز لە بەردەم زمانی بەهێزدا و ... هتد، دیارە هەموو ئەمانە لە ڕووی زانستییەوە چەمکگەلێکی قسەهەلگری نێو بیاڤی زمان، ئەدەبیات و کلتوورن و ڕوانگای نوێ بە بایەخی قووڵەوە لە بارەیانەوە دەدوێت و تێگەیشتنەکانی کەڵەکە دەکات .

وەك چۆن ڕوانگای ئایینی زمانی مرۆڤ بەرەو باشە ئەرکدار دەکات، نزیك لەو تێگەیشتنە، پۆل ڕیکۆر پێیوایە: ((زمان ئرکێکی ئەخلاقی هەیە و تاك ئەرکدار دەکات))٤.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**جۆرەکانی زمان**

**١ -زمانی ئاماژە**

**زمانی دەسپێکی ژیانی مرۆڤایەتی، کە زمان تیایدا کۆمەڵێك دەنگی نارێکخراو بووە و مرۆڤەکان قورسترین قۆناغی ژیانیان پێ بەڕێوەبردووە.**

**٢ -زمانی سەرەتایی**

**زمانێکی سادە، کە مرۆڤەکان توانیویانە بە هۆیەوە لێکتر حاڵی بن و قوناغی سادەی ژیانی خۆیانی پێ بەڕێوەببەن.**

**٣ -زمانی نووسین**

**ا- زمانی نووسینی سەر دیوار و قوڕ**

**ئەم زمانە پتر لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگیری کراوە و بەشێکی گرنگ لە دیرۆکی شارستانیەتی مرۆڤایەتی پاراستووە و هونەرکاریی زاڵ بەسەریدا.**

**ب- زمانی نووسینی چاپ و تۆمارکردن**

**بەرهەمی پێشکەوتنەکانە، زمانێکە فراونتر و سنووربڕتر و، پتر هەڵگری هزری ڕوناکبیریی مێژووی مرۆڤایەتییە.**

**٤ -زمانی نوێ:**

**زمانی میدیایە، زمانێکە تێکەڵ، سوودوەرگرتوو لە زمانەکانی پێشوو، کە لە کورتترین ماوەدا زۆرترین جوگرافیا دەبڕێت و کاریگەرترینیانە بەسەر کۆمەڵگادا.**

**بەشی دووەم**

**میدیا: چەمك، جۆر و بەرپرسییەتی**

**بەر لەوەی باس لە چەمکی میدیا بکەین و جۆرەکانی بژمێرین، واباشە شاشییەك ڕاست بکەینەوە، کە ئەویش شاشی نێوان هەردوو چەمکی: (ڕاگەیاندن) و (میدیا)یە، کە بە بۆچوونی ئێمە زۆرجار تێکەڵ دەکرێن، یان باشتر بێژین لە شوێنی دروستی خۆیان بەکارناهێندرێن.**

**ڕاگەیاندن لە: (ڕا + گەیاندن) پێکدێت، کە بریتیە لە پرۆسەی گەیاندن و گواستنەوەی ڕا، ئایدۆلۆژیا و بۆچوونێك، کە لایەنداریی دەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و پتر بەو ئامراز و هۆکارە کۆنانەی ڕاگەیاندن دەگوترێت، کە دەوڵەت و پارتە سیاسییەکان بەڕێوەی دەبەن.**

**میدیا، کە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئینگلیزییە، واتە: (هەواڵ و پێشکەشکردنی زانیاری)، کە پێویستە بێلایەن بێت و پتر هی ئەو خەڵك و نێوەندانەن کە سەربەخۆن.**

**باشترین و کورتترین پێناسە بۆ میدیا، کە دەستمان دەگرێت بۆ پتر ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی نێو ئەم باسە، ئەمەیە: (میدیا بریتیە لە سەرجەم ئەو کەناڵە جیاوازانەی، کە لە ڕێگەی زمانەوە هەواڵ و زانیاری دەگوازنەوە)، کەواتە:**

**-میدیا بەر لە هەواڵ، زمانە.**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

- میدیا پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە.
- میدیا پەیامدارە.
- میدیا هەڵگری ئامانجگەلێکە لە پێناو مرۆڤدا.

**جۆرەکانی میدیا**

میدیا بە چەندین جۆر پۆلین دەکرێت، لێ ئەوەی ئێمە لێرەدا پتر پێویستمان پێیەتی، پۆلینکردنە لە سەر بنەمای جۆر، کە بریتین لە:

١ -میدیای نووسراو

٢ -میدیای بیستراو

٣ -میدیای بینراو

٤ -میدیای نوێ: کە هەندێ لە سەرچاوەکان بە: سۆسیال میدیا، میدیای ئەلکترۆنی و میدیای هاوڵاتی-یش ناوی دەبەن.

بەپێی ئەو پۆلینکردنە، دەکرێ میدیا لە (٢) دوو جۆری سەرەکی کۆبکەینەوە، کە بریتین لە:

١ -میدیای کۆن: (نووسراو، بیستراو و خوێنراو)، کە دەوڵەت، حزب، ئۆرگانەکانی کۆمەلگەی مەدەنی بەڕێوەی دەبەن.

٢ -میدیای نوێ: هاوڵاتی تیایدا تەوەری سەرەکییە، هاوڵاتی لە یەککاتدا هەم نێنەرە و هەمیش وەرگر، دیارە چەمکی (هاوڵاتی میدیاکار)یش هەر بەرهەمی ئەو سۆسیال میدیایەیە، کە هاوڵاتی لە وەرگرێکی بێ پەیامی بێدەسەڵاتەوە گۆڕی بۆ نێنەرێکی پەیامداری دەسەڵاتدار و لە هەمان دەمدا کاریگەر بەسەر دروستکردنی (ڕایگشتی)یشدا.

**میدیا و بەرپرسییەتیەکانی**

میدیا پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە: (نێنەر، پەیام، کەناڵ، وەرگر) لە نێو پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتین، کە (پێویستی) کۆیکردوونەتەوە، بە پێی ئەو تێگەیشتنە:

- نێنەر: بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی پەیامداری ئامانجدارە.
- پەیام: دەق، وێنە و بابەت، کە پێویستە لە خزمەت مرۆڤ، ڕاستی و بەرژەوەندیی هاوبەشی کۆمەڵایەتی بێت.
- کەناڵ: ئامراز، دەزگا و نێوەند، کە پرۆسێسە میدیاییەکانی لێ بەڕێوەدەچێت و پێویستە بە یاسا ڕێکخرابێت.
- وەرگر: بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی حەوجە بە هەواڵ و زانیارییە.

دیسان بە پێی ئەو تێگەیشتنە، کە تێگەیشتنێکی پتر کۆمەڵناسانەیە، میدیا و سەرجەم لێکەوتەکانی، تەنانەت بە لێکەوتە سیاسییەکانیشیەوە، لێکەوتەی کۆمەڵایەتین و ناکرێ لە بەرپرسییەتی یە کۆمەڵایەتییەکان خۆ ببوێرێت .

بۆ پتر سەلماندنی ئەو ڕاستییەی، کە میدیا پێویستتیەکی کۆمەڵایەتییە و پەیامدارییەکەی و سەرجەم لێکەوتەکانیشی کۆمەڵایەتین، دەکرێ بڵێین: سەرجەم پرۆسێسەکە لە چەمکی پێوەندی-دا کۆدەبێتەوە،

پێوەندیش کردەیەکی کۆمەڵییە و باندۆرەکەیشی هەر بۆ سەر کۆمەڵگایە، بۆیە دەبێ میدیا کۆمەڵگابین بێت و پێخەمەت سوود و بەرژەوەندیی کۆمەڵگا لە کاردا بێت، بۆیە نابێ بە هیچ کلۆجێ هەواڵی ناڕاست بڵاوبکاتەوە، نابێ زانیاری نادروست پەخش بکات، چونکە هەواڵ و زانیاری ناڕاست وەك ڤایرۆس وایە و کۆمەڵگا نەخۆش دەخات،

## بەشی سێیەم

## بەرپرسییەتی زمان لە میدیای کوردیدا

## Facebookبە نموونە

میدیا، ئەو چەمکە فرەڕەهەندەی پێشتر لە بارەیەوە دواین و ئاماژەمان پێدا، کە هەڵگری پێناسە و پۆلینی جیاوازە و دەکرێ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤە بکرێت، ئێستا لە گۆشەنیگایەکی زمانییەوە هەڵوەستەی لە بارەیەوە دەکەین و ئەو پێناسەیەیش دووبارە دەکەینەوە، کە گوتمان، (میدیا بریتییە لە سەرجەم ئەو کەناڵە جیاوازانەی، کە لە ڕێگەی زمانەوە هەواڵ و زانیاری دەگوازنەوە )، هەروەها گوتمان، (میدیا بەر لە هەواڵ زمانە)، کەواتە گادامیر گوتەنی: ((جیهان جیهانی زمانە))٥، میدیایش جیهانێکە لە زمان و وا لە بن سەراپایی زماندایە .

Facebook، کە بە نموونە لەم باسەدا وەرگیراوە، بەشێکە لە میدیای نوێ، بگرە فراونتر و گرنگتر و کاریگەرترینیانە، لە دوای ساڵی (٢٠٠٩)ەوە لە هەرێمی کوردستان بەکاردیت و تادێش بەکارهێنەرانی زۆرتر دەبێت. ڕاستە لە بنەڕەتدا تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، لێ ئێستا زۆرتر وەك نێوەندێکی میدیای سیاسی خۆی دەنوێنێت، بەڵام لە پاڵ ئەو ڕاستیەشدا کاریگەریی و لێکەوتەکانی هەر کۆمەڵایەتین و تەنانەت بەشێك لە سیاسییەکانیشی زراوتۆقیو کردووە تا ئەو ڕادەیەی دەترسن لەوەی ڕای ڕاشکاوی سیاسییانەی خۆیان بڵێن، ترسەکەیش کۆمەڵایەتییانەیە و نەبادا بکەونە بەر تووڕەیی کۆمەڵایەتییانەی. Facebook

Facebookئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەیە، کە زمان بەڕێوەی دەبات، تەنانەت وێنە و ئاماژەکانیشی هێز و باندۆری زمانیی خۆیان هەیە، ئەو بۆچوونەی دایڤد جاسپر ڕاستە، کە دەڵێت: ((وێنە دەخوێندرێتەوە))٦، کەواتە وێنە، تایبەت لە Facebook هەر تەنیا نابیندرێت بەڵکو دەشخوێندرێتەوە.

زمان لەFacebook دا، بە هەموو ڕوو و ڕەهەندییەکانەوە پرسێکی قسەهەڵگرە، تایبەت لە هەرێمی کوردستان، کە ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە ئارامی بەڕێوە ناچن و تا ئێستا، دیموکراسی، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان لە خەم نەڕەخسیون.

جارێ بەر لەوەی نموونە بە زمانزبری نێو Facebook لە هەرێمی کوردستان بهێنینەوە، پێویستە قسە لە بەرپرسییەتی زمان بکەین، تایبەت لە نێو میدیادا.

میدیا و ڕەگەزەکانی، میدیا و پێکهاتەکانی، میدیا و سەرجەم ئەو پرۆسێسانەی بە دەوریەوە ئاڵاون، زمان ڕایگرتوون و بەڕێوەیان دەبات، کەواتە میدیایەك نییە بێ زمان، نێنەر، پەیام، کەناڵ، وەرگر و سەرلەبەریی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پرۆسەکە، بوونەوەر و کەرەسە و ڕایەڵ و پرۆسەیەکی زمانیین و ئامانجدارییەکەیش: ((بابەتیبوون))٧، ((یەکخستنی کۆمەڵگا))٨، و ((دروستکردنی هەستی هاوبەشی کۆمەڵایەتییە))٩، و ((بەرژەوەندی گشتییە)).١٠
سارتەر پێیوایە: ((زمان گیانلەبەرە))١١ ، کەواتە کار و کاردانەوەی هەیە، دەکرێ ئارام و پێچەوانەکەیشی ڕاستە، دەکرێ نائارام و هێرشبەر بێت، بە پێی ئەم بۆچوونەی سارتەر دەکرێ هەواڵ، یا وێنە و پۆستێکی Facebook هەڵگری زمانێکی ئارام، یان بە پێچەوانەوە هەڵگری زمانێکی نائارام بێت، کە بێگومان هەریەکەیان، بە جیاوازیی نێوانیانەوە دەرهاوێشتە و کاریگەریی و لێکەوتەی دەروونی و جڤاکی و سیاسی خۆی بەسەر وەرگر: تاکەکان جێدەهێڵێت.
جاك درێدا وای بۆچووە، کە ((زمان پێوەرێکی داوێنپاك و بێلایەن نییە١٢((، کەواتە دەکرێ زمان لایەندارییەکی نەرێنی هەبێت و ئازاری کۆمەڵایەتی ببەخشێتەوە، ئەم (٢) دوو بۆچوونە ڕاماندەکێشێتە نێو گەنگەشەیەکی فەلسەفی، ئەو گەنگەشە فەلسەفییەی، کە خۆی لە هەردوو چەمکی: (جیاوازی ، پێوەندی نێوان هزر و زمان) چڕ دەکاتەوە: یان ڕوونتر بڵێین: کامیان پێش ئەویتریانە، هزر یان زمان؟ ..
هەردوو تێڕوانین، بە جیاوازی قووڵی نێوانیانەوە، لەو قەناعەتەمان کەم ناکاتەوە، کە هزر زووتر و بەرفراوانترە لە زمان، کەواتە ((بەر لە زمان هزر هەبووە))١٣ و تەمەنێکی زۆری مێژووی مرۆڤایەتیش بریتی بووە لە هزری جێماو لە بێزمانیدا، تایبەت لە قۆناغی دەسپێکی مێژووی مرۆڤایەتی، کە زمانی ئاماژە و ناڕێکخراو نەیتوانیوە دەربڕی هزر بێت و ئێستایش، دەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا هەن، لە نێویشیاندا زمان، کەچی زمان هەر ناتوانێ لە ئاستانەی هزردا بێت و هزر وەك خۆی بگوازێتەوە و دەستکورت لە بەردەم بێسنووریی هزردا دەمێنێتەوە، بە پێی ئەو تێگەیشتنە، کەواتە ئەوە نێنەرەکانن، کە لە بنەڕەتدا خاوەن هزرێکی خراپن و دەیانەوێت ئەو هزرە خراپە بۆ ئەوانیتر: وەرگرەکان بگوازنەوە، کە بێگومان کەرەسەی ئەو گواستنەوەیش زمانە.
ئایا زمانی خراپ هەیە؟.. ئەگەر لە ڕوانگای ئایینەوە بەرسڤی ئەم پرسیارە بدەینەوە: نەخێر، چونکە زمان بەخششێکی خواییە و پیرۆزە، ئەگەر لە ڕوانگای زانستییەوەیش وەڵام بدەینەوە، دەشێین بێژین: وشە و ناوی کرێت و خراپ هەیە، بەڵام بوون-ێك نییە بە نێوی زمانی خراپ، ئەویش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، هۆیەکەیش ئەوەیە: لە بنەڕەتدا زمان وەك یەکەیەکی سەربەخۆ بوونی نییە، بەڵکو نیشانە، هێما، ناو و وشە هەن و ئەوە مرۆڤە بە مەبەست و ئامانج، جا باش یا خراپ لێکیان دەدات و ماناداریی و پەیامدارییان پێ دەبەخشێت، کەواتە وەك مارتن هایدگەر دەڵێت: (( گرنگی زمان لە ماناکەی نییە، بەڵکو لە بەکارهێنانیەتی)). ١٤
هاوڵاتی، کە باشتر وایە بڵێین هاوڵاتی میدیاکار چۆن و بە چ مەبەستێك هەواڵ، یا کۆمێنت و وێنە و پۆستێك بڵاودەکاتەوە، زمان ڕێك دەکەوێتە ژێر ئەو مەبەستەوە و ئامانجداری دەکات، مەبەستمان لە چەمکی ئامانجداریی زمان ئەوەیە، کە زمان لە ئامرازەوە بگۆڕێت بۆ ئامانج، بەواتایەکیتر لە بێلایەنییەوە بیگۆڕێت بۆ لایەنداریی، بێگومان لایەندارییەکەیش بێ هۆکار نییە، د. سەباح ڕەشید و د. ڕەحیم قادر سورخی لە توێژینەوەیەکیاندا بە نێوی: (لاگیری لە سروشتی گوتاری هەواڵدا) هۆکارەکان بەم شێوەیە دەستنیشان دەکەن:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١ -نواندنی پێوەندییەکانی دەسەڵات.

٢ -ئایدۆلۆژی.

٣ -لێکدانەوەی بەکارهێنەرەکانی.

٤ -پێشبڕکێی لەگەڵ میدیاکانی تر.

٥ -ئامانجی بازرگانی.١٥

| | | | |
|---|---|---|---|
| زمان | ئامراز | مانا | بێلایەنی |
| زمان | ئامانج | بەکارهێنانیتر | لایەنداریی |

زمان و میدیا، بە جیا و بەیەکەوە، وا لە نێو کۆمەڵگادان و ڕایەڵ و پێوندیی نێوان هاوڵاتیان، هاوڵاتی و دەسەڵات، هاوڵاتی و ئۆرگانەکانی تری کۆمەڵگا ڕێکدەخەن، پتر لەمەیش میدیای نوێ، وەك ((یەکێ لە پێكهاتەکانی چاودێری میللی ئەژمار دەکرێن))١٦، کەواتە دەسەڵاتن و تەنانەت هەندێ لە توێژەران پێیانوایە لەم سەردەمەدا ئەوەندەی میدیای نوێ کاریگەری هەیە بەسەر دروستکردنی ڕایگشتیدا، ئەوەندە دەوڵەت، حکومەت و پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان نییە، تەنانەت بۆ وێنە و کاریگەرییەکانی وێنە، چەمکی ((شۆڕشی وێنە))١٧یش بەکاردەهێنن.

**بەرپرسییەتی زمان لە Facebook ـدا**

جارێ بەر لەوەی سەبارەت زمان لە Facebook بدوێین، پێویستە باس لە زمانی میدیا بکەینەوە، کە زمانێکە تێکەڵ، سوودوەرگرتوو لە زمانەکانی پێشوو، هەر بۆیە بە زمانی نوێش ناوزەدکراوە، کەواتە ئاماژە و هێماکانی لە زمانی ئاماژە و، سادەیی لە زمانی سەرەتایی و، جوانی و ڕەوانبێژیی لەگەڵ زانیاریی و ووردیی لە زمانی نووسین وەرگرتووە بە هەردوو جۆرە هونەریی و زانستییەکەیەوە.

توێژەرانی هەردوو بواری زمان و میدیا پێیانوایە، پێویستە زمانی میدیا زمانێکی بابەتییانەی دوور لە زاتی میدیاکار بێت و تەنانەت نابێ میدیاکار لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیدا مەرامێکی دیاریکراوی هەبێت، دیارە مەبەست لە مەرام لایەنداریی نەرێنییە، کە لەوێدا، واتە لە لایەنداریی نەرێنیدا میدیاکار حەوجە بە زمانی زبر دەبێت.

هایا کاوا پێیوایە: ((بایەخی زمان لەوە گەورەترە هانی خەڵکێك بدات برژێتە سەر شەقام و هانی خەڵکێکی تریش بدات بەردبارانیان بکەن)).١٨

بەرپرسییەتی زمان بریتیە لەوەی زمان دەربڕی باشیەکان بێت و سوود و مفا بە بەرامبەرەکانی ببەخشێت و بە ئەرکە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ڕابێت، کە خۆی لە بنەڕەتدا ئامراز و هۆکارێکە بۆ لە یەکترگەیشتن و قووڵکرنەوەی پێوەندییە جفاکییەکان، ئەم پرەنسیب و تێگەیشتنە چەند دروستە، درووستر لەمەیش ئەوەیە، کە زمانی نوێ: زمانی میدیا ئەو بەرپرسییەتیە: بەرپرسییەتی زمان بپارێزێت و سەبارەت زمانی Facebook -یش ئەوا بەرپرسییەتەکە قورستر و پترە، قورستر و پترە لەبەر ئەوەی، کە Facebook پانتاییەکەی، خێرایی و کاریگەریەکانی زۆرتر و فراوانتر و سنووربڕترە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڵگە زۆرە لەسەر زمانزبریی Facebook لە هەرێمی کوردستاندا، دەیان دە ماڵپەڕ، پەیج و ئەکاونت هەن، کە ئاشکرا و نائاشکرا، بە ناو و وێنەی خوازراو و ڕاستەقینەوە، بەربوونەتە گیانی هاوڵاتی، گروپ ، حکومەت و پارتە سیاسییەکانەوە، کە هەموو سنوورێکی ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیان بەزاندووە و دەیان دەستەواژەی وەك: (ڕەخنە بە زمانی چەکوش، سەکۆیەك بۆ ریسواکردن، مینبەرێك بۆ سووکایەتیکردن، ئازادن بۆ تف بارانکردن) و چەندین دەستەواژەی تری وەك: (خائین، جاش، خۆفرۆش و بێئابڕوو، یان شێواندنی وێنەی سەرکردە و کەسایەتییەکان و گۆڕینیان بە تارمایی و ئاژەڵ و، .....هتد)، کە بوونەتە هۆکاری نانەوەی ئاژاوەی کۆمەڵایەتی، دڕدۆنگی سیاسی و لێكهەڵتەکاندنی بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، کە سەرلەبەریی ئەم پرۆسە ڤێزەونەیش لە ڕێی زمانەوە بەڕێوە دەچێت، بێگومان زمانی زبر.

د. سادق حەمەغەریب لە تێزی دکتۆراکەی خۆیدا: (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لە بەڕێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا)، لە وەڵامی گوزارەی: (ڕاگەیاندنی کوردی بە هۆی گوتاری وروژێنەر و زبریەوە زیاتر هۆکاری هەڵکشانی قەیرانە سیاسییەکان بووە تا کۆنترۆڵکردن و کۆتایی پێهێنانیان) دوای گەڕانی زانستییانە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە (گوتاری وروژێنەر و زمانی زبری میدیایی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی قووڵتر کردۆتەوە و بەرەو هەڵکشانی بردووە).١٩

ئەگەر بە کۆکراوەیی قسە بکەین، دەبێ بڵێین: زمانی میدیای کوردی، تایبەت Facebook تا ڕادەیەکی زۆر زمانێکی زبر، توندوتیژ، وروژێنەر و سنووربەزێن بووە، تایبەت لە کاتی ململانێکاندا: هەڵبژاردن، گرفت و گرژیی سیاسی نێوان پارتە سیاسییەکان ، بەواتایرکیتر زمان لە Facebook لە بەرپرسیی و ئەرکەکانیدا، لەسەرروویانەوە، لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی لایداوە و هاوڵاتی و کۆمەڵگەی کوردستانی دووچاری زیان و دڕدۆنگی و پشێوی زیاتر کردووە، کە ئەمەیش تەواو ناکۆکە دەگەڵ ئارمانجی زمان و میدیا کە ئارمانجیان سوودبەخشین، زانیاری، هەواڵ، ئاگاهی، بەرژەوەندی گشتی، هەستی هاوبەش، تەبایی و یەکخستنی کۆمەڵگایە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

1. دەسپێك مرۆڤ بێزمان بووە، تەنێ لە ڕێی جوولە، ئاماژە و دەنگی نارێکخراوەوە ژیاوە و گوزارشتی لە خۆی کردووە.

2. کورتترین تەمەنی مێژووی مرۆڤایەتی بریتیە لە قۆناغی مانگی دەستکرد، لێ پێشکەوتووترینیانە.

3. زمانێ نوێ بریتیە لە زمانی میدیا، زمانێك تێکەڵ و سوودوەرگرتوو لە زمانەکانی پێشوو، کە لەبەر جوولە و فراوانی و خێراییەکەی، بە کاریگەرترین زمان دادەندرێت.

4. میدیا پێویستییەکی کۆمەڵایەتی ئەرکدارە و نێوەندێکی ئەخلاقی هەیە، کە دەبێ سوودبەخش بێت و پێخەمەت مرۆڤ، بەرژەوەندیی گشتی، هەستی هاوبەش و یەکخستنی کۆمەڵگە لە کاردابێت.

5. میدیای نوێ بریتیە لە میدیای هاوڵاتی، هاوڵاتی تیایدا دەسەڵاتدارە، لە یەککاتدا خۆی نێنەر و پەیامدەر و وەرگریشە، کۆمەڵگە لە یەکتر کۆدەکاتەوە و ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دروستکردنی ڕایگشتیدا و لە هەموو جۆرەکانی تری میدیا کاریگەرترە.

6. هزر بەر لە زمانە، لێ هەر لە ڕێی زمانەوە خۆی مەترەح دەکات، بۆیە جیهان جیهانی زمانە و ژیان بێ زمان بەڕێوە ناچێت.

7. میدیا بەر لە هەواڵ زمانە، بۆیە دەبێ خودان زمانێکی شایەن بە مرۆڤ و شکۆمەندییەکەی بێت.

8. Facebook -فراوانتر و گرنگتر و کاریگەرترین بەشی میدیای نوێیە و بۆتە پێویستییەکی کۆمەڵیەتی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان.

9. زمان بوون-ێکی بەرپرسە و هاوڵاتی میدیاکار ئەرکدار دەکات، بۆیە دەبێ بەکارهێنەرانی Facebook زمانێکی گونجاو بە ئەرکەکان پێڕەو بکات، کە بەرژەوەندیی هاوبەشی کۆمەڵانی خەڵك بپارێزێت.

10. لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر زمانی Facebook زمانێکی زبر، توونددوتیژ، وروژێنەر و سنووربەزێنە، تایبەت لە کاتی ململانێ سیاسییەکاندا و دەیان دە ماڵپەر، پەیج و ئەکاونتی لەمجۆرە، وەك بەڵگە لەبەر دەستن، کە زیانی زۆری بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەها بەرزەکانی کوردەواری گەیاندووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١ -د. مەغدید سەپان: ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پیویستە بیزانێ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی/ کەرکوك، ٢٠١٢، ل ٢٠٨

٢ -القرأن الكريم

٣ -قورئانی پیرۆز: وەرگێرانی هەژار

٤ -عادل موحەمەد پوور (و): تێڕوانینێکی نوێ بۆ هێرمنۆتیك: کۆمەڵە ووتار، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی / چاپخانەی شڤان ٢٠٠٩، ل٢٠٤.

٥ -عبدالغنی بارە: الهرمینو گیڤاو الفلسفە – مگابع الدار العربیە للعلوم – ٢٠٠٨- ص٣٢٨ .

٦ -دایڤد چاسپر: مقدمە ڤ الهرمینو گیڤا- ت: ودیە ڤانصو – مگابع الدار العربیە للعلوم – بیروت – ٢٠٠٧ – ص ١٧٦.

٧ -م.جوان بهالدین علی: هەڵمەتی ڕاگەیاندن (چەمك، بایەخ، ئامانج، بنەما، شێواز، جۆر و هەنگاوەکانی) – گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ٣٢ / ٢٠١٤ ل١١٨.

٨ -د.سعید احمد www.kurdistannet.com: ٢٠٠٩/٣/٢٨

٩ -بۆچوونێکی د.باقری ساروخانی-یە: کوردستان تی ڤی – بەرنامەی بەیانیت باش کوردستان -– ٢٠١٣/١١/٨

١٠ -م.جوان بهالدین علی: هەڵمەتی ڕاگەیاندن (چەمك، بایەخ، ئامانج، بنەما، شێواز، جۆر و هەنگاوەکانی) – گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ٣٢ / ٢٠١٤ ل١١٨.

١١ -ژان پۆل سارتەر: ئەدەب چییە؟ - و: مستەفا غەفوری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان ل٥٥.

١٢ -عادل موحەمەد پوور (و): تێڕوانینێکی نوێ بۆ هێرمنۆتیك: کۆمەڵە ووتار، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی / چاپخانەی شڤان ٢٠٠٩، ل١٩٩.

١٣ – نبیل مسعید: ڤ اللغە و الفکر \www.nabilmasad.edu.ed: ٢٠١١/٤/٥.

١٤ -ابراهیم احمد: انگولوجیا اللغە عند مارتن هیدجر – ٢٠٠٨، ص٨٩.

١٥ – د. سەباح ڕەشید و د. ڕەحیم قادر سورخی: لاگیری لە سروشتی گوتاری هەواڵدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٥/ ٢٠١٣ ، ل ٢٣.

١٦ -صلاح عبدالحمید: الاعلام و الیورات العربیە، موئسسە گیبە لنشر و توزیع – القاهرە، ٢٠١٣، ص٢٤٧.

١٧ -هەر ئەو سەرچاوەیە – ص١٥١.

١٨ – عبدالالە مصگفی عبدالرزاق الخزرجی: تحلیل لغە الدعایە، مگبعە التوجیە السیاسی، ١٩٨٤، ص٣٢٤ – ٣٢٨.

١٩ -د. سادق حەمەغەریب: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لە بەڕێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، کۆلیژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەڵاحەددین - شوباتی ٢٠١٧


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ملخص**

**تعتبر اللغة و خاصة لغة الاعلام من المواضيع العلمية المهمة التي تحمل الكثير من المعاني والمفاهيم تتزايد البحوث والدراسات عنها بشكل مستمر، ويكمن سبب اهمية اللغة الاعلامية ، ان اللغة والاعلام من الضروريات الاجتماعية المهمة في حياة الناس ، والوسيلة الرئيسية التي يتواصلون بها ، حيث لا يمكن لهم العيش بدون لغة وكذلك بلا اعلام في عصرنا هذا الذي يعرف بعصر التكنلوجيا والصراعات السياسية والاجتماعية والثقافية ، وان اللغة والاعلام يعبران عن رسالة العصر ، لذا فان من الضروري البحث و بشكل معمق عن اللغة الاعلامية ومسؤولية التواصل الجماهيري الكوردي وخاصة الاعلام الحديث المعروف بالاعلام الاجتماعي والالكتروني واعلام المواطن وعلى وجه الخصوص "الفيسبوك " كاحد أهم شبكات التواصل الاجتماعي المؤثرة و اللامحدودة في الاعلام الحديث التي اصبحت جزءا من حياة الافراد ، و ان الحديث عن : " مسؤولية اللغة في التواصل الجماهيري الكوردي ، فيسبوك مثالاً " هو محاولة ذات رؤية علمية نحو قراءة جميع المفاهيم التي تمت الاشارة اليها ، والحديث عدا المقدمة ، يتألف من (٣) اجزاء و (١٠ (نتائج و ( ) مصادر باللغتين العربية والانكليزية والهدف منها عرض الجوانب السلبية للخطاب الاعلامي الخشن والجارح في الفيسبوك في اقليم كوردستان و وضع القراء والمواطن الاعلامي امام سمات ومفاهيم مسؤولية اللغة .**

## Abstract

Language, (especially language of media) is a very important and debatable subject, many thesis and letters have been published, and most of them concluded that language and media are two important subjects in human's social life.

Since the development has been approved in all fields of life such as technologies, politics, social life and etc..., language and media are two important tools for describing these developments all over the world.

We need to focus on more detail about the language; we have to study the language which is used in Kurdish social media, especially in Facebook. Now days Facebook is used by the most of Kurdish people especially new generation.

This study which has titled by (language responsibility in Kurdish social media, Facebook as an example) is a scientific research to indicate negative impacts which caused by using written language on Facebook.

The study consists of introduction, 3 chapters, 10 points as result and 19 references, the conclusion were written in both Arabic and English languages.

The aim of the study is to describe the negative affect of written language in Facebook in Kurdistan region, and the study is encourages people to be responsible in front of the language principles.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)